# ئەم هاوسەرگیرییە دەتوانێ بەردەوام بێت؟

**داستانێکی ڕاستی نێوان دووکەس پڕ لە ئاریشە کە لە یەکتر تێناگەن و ئێستا  لە بەردەم دەروونناسێکا دەدوێن**

*گوڵاڵە پشدەری*

کانی  ناوێرێت  بچووکترین گرفتی ژیان لە گەڵ هاوسەرەکەی باس بکات،چۆنکە ئامانج ی هاوسەری هەرچی  کە بووترێت وەک" ڕەخنە و ڕەق و کینە" بەراورد دەکات.

کانی:

،، ئەڵبەتە کە ئامانج لە سەرەتادا باسی هاوسەری پێشووی بۆم کرد کە  ڕۆیشتنی هاوسەرەکەی بۆی زۆر کت و پڕ بوو و چاورەوانی ئەوەی لێی نەدەکرد کە بە جێی بێڵێت.چۆنکە ئەو هیچ کاتێک نیشانەیەک یان ئامازەیەکی نەدابوو کە بەختەوەر نییە لە گەڵ ئامانج،بەڵام هەر لە ناکاو بەهانەی گرت و ڕۆیشت....زۆر لای سەیر بووە چۆنکە ئەگەر شتێک یان کێشەیەک هەبێت، لە سەری باس دەکەی یان هەوڵ ئەدەی چارەسەری بکەی وایە؟

بەڕاستی  ئەتوانم بڵێم کە ئێستا هەروادێت و زیاتر لە هاوسەری پێشووی باشتر تێ دەگەم. لە گەڵ ئامانج ناتوانی بدوێی.ئاساییترین پرسیار یان وشە لای ئەو بە ڕەخنە بەراورد ئەکرێت. ڕەخنە بە هیچ شێوەیەک وەرناگرێت.دوێنێ شەڕێکی زۆر گەورەمان لە نێوان هەبوو. داوام لێی کرد کە بەم زووانە  لە گەڵمدا بێتە من  ماڵی باوکم. من ئەزانم کە ئەو حەز ناکات بڕواتە ماڵییان. ئەو پێی وایە و هەردەم دەڵێت کە کاتی بە خەسار دەڕوات و هیچ قسەشی لە گەڵ دایک و باوک و برایەکانم نییە بیکات.

ئینجا من وای بۆ چووم : کە من   پێشتر داوای لێ دەکەم ئینجا خۆی ئەزانێت کە بێت یان نە، چۆنکە لە سەری فەرز ناکەم  کە بێت.ئەمەشی زۆر بە بێچەوانە لێک دایەوە.بە بۆچوونی ئەو من حەز ناکەم کە لە گەڵمدا بێت ومن دووڕوومە و یەکسەر پێی ناڵێم.ئەو تێڕوانینە هەڵەییەی  ئەو ڕاست نەدەکرایەوە و سوودیشی نەبوو کە پێیم ووت بە پێچەوانە من زۆر حەز دەکەم کە لە گەڵمدا بێی بۆ ماڵی باوکم ،بەڵام نامەوێت ناچاری بکەم بۆ کردنی کردەوەیەک کە لای ناخۆش بێت.هەرواها بۆ منیش ناخۆشە کە ئەو لە گەڵمدا بێت و ئەو شوێنەی پێ خۆش نییە.  هەرچی ووتبام وبە ڕوونکردنەوەکانم هەر گرژتر دەبوو و ئەو بە شێوەیەکی تر تێیدەڕوانی. بە بۆچوونی ئەو  ئەو هۆکاری تێکدان و مایەی ناخۆشی بۆ من بوو. ئینجا ڕۆژانێکی زۆر شەڕ بوو لە نێوانماندا.دەرەنجمام من نەدەوێرام هیچ شتێک بەیان بکەم.هەندێک جار بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ قسە وباسێکی گرنگ  لە ناخی خۆمدا ڕادەگرم و نازانم چۆن لای بیدرکێنم .ئەوەش لە مێشک و دەروونمدا هەر دەسووڕێتەوە: بە چ شێوەیەک باسی بکەم،لە چ کااتێکدا:؟ ئێستا نە،چۆنکە ئەو ماندوویە یان تووڕەیە چۆنکە مناڵەکان شتێکییان کردووە کە بۆتە مایەی تووڕەبوونی. ئامانج هەرگیز کاتێکی باشی نییە.هیچ لە ئامانج  ناتوانی تێ بگەی.هەندێک جار بۆ ماوەی حەفتەیەک باشە و لە ناکاو لە سەر شتێکی بچووک و شێتانە تێک دەچێ وئاڵۆز دەبێت. ئەو زۆر بێڕێزی دەکات و لە بەر چاوی مناڵەکان قسەی زۆر ناگوونجاو و ناشیرینم پێ دەڵێت.کە من گوایە  گێلم و مێشکم نییە، ئەو نازانێ چۆن من لە سەر کار( لە دایرە) دەتوانم بەردەوام بم و کارم پێ دەسپێرن.بۆ ئەو گرنگیش نییە و دەتوانێت لە بەر چاوی کەسانێکی تریش وەک هاوڕێیان لەم جۆرە ڕەخنە و قسە نارێکانەم لە ڕوودا بکات.

بێڕێزییەکەی جاری وایە لە سنوور بەدەر دەچێت بۆ نموونە پێم ئەڵێت " دێڵەکەم" و منیش بۆم نییە هیچ ڕەنگدانەوەم هەبێت چۆنکە ئەو پێی وایە ئەوە تەنییا بۆ گاڵتەیە.  من ئەبێت هەموو شتێک

وەرگرم و خۆم لە گەڵ هەموو بارێکدا بگوونجێنم.ئەو بۆی هەیە هەموو شتێک بە سەر زمان بێنێت ئەوەی کە بە هزریدا دێت. ئەگەر ئەو قسەی نادرووست (جنێو) بەم من بفرررۆشێت، ئەبێ من لێی تێبگەم کە ئەو مەبەستی خراپی نییە،بەڵام ئەوە لە تووڕەبوونیدا ئەیڵێت.بەڵام ئەگەر من بوێرم شتێک بڵێم ئەوە ماڵ(جیهان) زۆر بچووکە.بۆ من زۆریش ناخۆشە کە ئەم کێشانە ڕووبەڕووی منالەکانیش دەبێتەوە.
ئەوش دەزانم کە ئەو منالەکانی زۆر خۆش دەوێت.ئەگەر شتێک ڕوودات وەکو ئەو ڕۆژە کە ئەڤین کەوتبوو و بردمان بۆ
فریاکەوتن لە نەخۆشخانە، ئەو زۆر بە پەرۆش بوو و گلێنەی کچمان زیاتر کەڵکی لە باوکی وەرگرت تاکو من،چۆنکە من لەم کاتانەدا زۆر دەشلەژێم.بەڵام لە کردەوەی بچووکدا لێیان زۆر بە توندی تووڕە دەبێت و لە سەرییان سەختگیرە.

**ئامانج:**

" ئەگەر من ئەو واها دەشکێنم و مایەی چارەڕەشی ئەوم ،باشتر وایە لە یەکتر جیا بینەوە، چۆنکە ئەوە شایان نییە لە هاوسەرگیریدا.بەهەرشێوەیەک ئەوە مەبەستی من نییە". ئەو تەواوی ووتەکانی کانی بە ووشیارانە گوێڕاگرت. هەتا جارێکیش ناوبڕی نەخستە قسەکانی. ئەو هەموو گرژی و تووڕەییە لە ژێر ئەم ڕووخسارە ئارامە کاتێک دەرچوو کە هاتە ئاخافتن.، پرسیاری کرد و ووتی وابزانم ئێستا منیش بۆم هەیە بەشەکەی خۆم ڕوون بکەمەوە؟.
،باشە، من بە شێوەیەکی تر تییدەڕوانم. من ڕاهاتووم کە دەمم دانەخەم. ئەگەر شتێک بە دڵم نەبێت ،یەکسەر ئەیڵێم. خەڵک ئەزانێ من چۆنم ،بەڵام کانی هەرگیز نازانێ.
بەڕێزت گوێبیستی بووی کە: ئەو ماوەیەکی دوور و درێژ شتێک لە مێشک وناخی خۆیدا ڕادەگرێت و بیر دەکاتەوە ئەوە چۆن بە من بیڵێت. ئەو خەیاڵێکی لای خۆی دروست کردووە کە من جانەوەرێک یان شێتێک بم، کە بە بێ هۆ و لە ناکاو تووڕە ببم. بەڵام وانییە،کە ئەو ڕۆژانێکی زۆر بیر بکاتەوە و بە ڕەخنەیەکی کوڵاو و پوووختە بێتە لام.
من وەکو ئەو بە سەبر نیم، بەڵام منیش پێشتر هەست بە وە دەکەم کە کانی کێشەیەکی هەیە. ئەو چۆن بە منی نیشان ئەدات؟ ئەیی چۆن، کانی لەوەدا زۆر شارەزاییە.
ئەو دەچێتە سەر لێواری جێگایەکە(تەختەخەوەکە) ڕادەکشێت،بە تەواوی دوور لە من. یان بە ئەنقەست و بە بەرزی دەنگ هەڵدەبڕێت و بە منالەکان دەڵێت بێدە نگ بن باوکتان زۆر ماندوویە!
ئەوە لە پێناو منە؟ کچێ دەبڕۆ....ببووره ، من بڕوا ناکەم.
ئەو منالەکان دژ بە من بەکار دێنێ، من منالەکانم ئاڤار وگلێنە زۆر لا گرنگن و بایەخییان پێ ئەدەم بەڵام کانی هەوڵ ئەدات لێم دوور بنەوە.چۆنکە بە بۆچوونی ئەو من هەستییان دەڕووشێنم.
کانی دایکێکی زۆر بێوێنەیە و خۆزگە منیش دایکێکی وەک کانی م هەبایە، بەڵام ئەو هیچ دهستەڵاتێکی بە سەرییان دانییە.منالەکان هیچ فەرمانێک لە ئەو وەرناگرن و بە قسەی ناکەن هەر چێ داوایان لێ بکات ئەنجامی نادەن.
ئینجا ئەمەوێت لەم بارەدا هەڵوێستم هەبێت چۆنکە پێم وایە کە منالان پێویستییان بە ڕێکخستن و پەروەردەی دروست هەیە، بەڵام ئەو من بەلاوە دەنێت ڕێک لەبەرچاوی منالەکاندا. هەرکاتێك کە بڕیار ئەدەم هێچی تر نەڵێم و هەڵوێستم نەبێت بەرمامبەر بە منالەکان، دیسان دێت و لۆمەم دەکات کە من ڕەنگدانەوەم نێیە بەرامبەرییان و بایەخییان پێ نادەم.
ئەوەش بۆم نییە کە وەکو ڕەخنە وەرگرم ، بەڵکو ئەوە هەوڵێکە بۆ فێرکردنی شێوازی هەڵسوکەوت

کردن لە گەڵ مناڵاندا و بۆ باشتر کردنی ئەم نێوانە.
چۆنکە ئەوە منم کە هەڵەم کردووە و ئەو باشترین دایکە.ئەو خۆشی نازانێ کە چەندە هەستی بریندار کردووم.ئەو وەکو دەڕاسەیە کە ووردە ووردە دەروونم دەبڕێت.وەکو ئێستا کە وانیشان ئەدات کە من جۆرێک بێمێشکی لە جیهان بێئاگا بم ، کە هیچ شتێک بۆی گرنگ نەبێت. زۆر جار ئاوایە بەرامبەرم. هەرواها بەرامبەر بە مناڵەکان و بەرامبەر بە کەسو کاریشی.،هیچ بە ئامانج مەڵێ.خۆم جارێک لە گەڵیا باس ئەکەم،.کە میوانمان هەیە هەوڵ ئەدات ژنێکی نموونە بێت و عەیبەکانی داپۆشێت و هەوڵ ئەدات بە هەموو کەس بسەلمێنێت کە من جێگەی متمانە(باوەڕ) نیم.ئینجا بۆیە واها تووڕە بووم کە پێشنیاری کرد کە باشتر وایە لە گەڵیا نەڕۆم بۆ ماڵی باوکی..بەم شێوەیە ئەو لە وێ ئازادە و بە کراوەیی ئەتوانێت گلەییەکانی لە بارەی من بکات لای دایکی: نا نا ،ئامانج نەیویست بێت.خۆت ئەزنی چۆنە،.بێگومان بەم شێوەیە ئەو کەسانەش ڕقییان لێم ئەبێتەوە. بۆ چی ئەوە دەکات؟ نازانم. لەوانەیە بەم شێوەیە خۆی بە باشتر بزانێت\نیشان بدات.ئەو قووربانییەکە کە لە گەڵ ئەو پیاوە سەرسەختە ژیان دەباتە سەر.چی ئازاری دام ئەوەیە کە باسی هاوسەری پێشووم دەکات و ئەڵێت کە من ئاژاوەچی بووم جیابوونەوەشم هەڵە بووە.بەم دەربڕینەی وای لێم کرد کە بمەوێت یەکسەر لە ویش جیا ببمەوە.

**ئەم ئاریشەیە چی لێ هات؟**

هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا دەرکەوت کە کانی و ئامانج متمانەیان بە یەکتر نیە وهەستێکی پارێزراویان لە لای یەکتر پەیدا نەکردووە. لە حاڵێکدا کە هەستی پارێزراوی بناغەیەکی زۆر گرنگە بۆ نێوان هاوسەرگیرییەکی ساغ.
ئەبێ لە هاوسەر و هابەشی ژیان دا ڕاببینی کە پشتیوانە و باشی تۆی مەبەستە ولای گرنگە.
ئەگەر ڕاوێژێک لە لایەن یەکێکیانەوە بێ بۆ ئەوەی تر ئەبێ لە بەرژەوەندی هەردوو لایەن بزاندرێت و متمانە درووست ببێت لە نێوان هەردوو لایەوە نەکو بۆ شکاندن و ڕەنجاندنی یەکتر بەکار بێت.
ئەڵبەتە لە کاتی شەڕ و کێشەی نێوان هاوسەرەکاندا هەندێک ووشەی ڕەق و ناگوونجاو ئەدرکێنن بەڵام خۆشبەختانە زۆربەیان پەیی بە هەڵەکانیان دەبەن و لە گەڵ یەکتر باش دەبنەوە و هەڵەکانیان ڕاست دەکەنەوە و بۆ داهاتوو ئەوە ڕەچاو دەکەن.
هەستی پارێزراوی لە نێوان کانی و ئامانج دا لە بنەڕەتەوە نییە. کانی ناوێرێ خوودی خۆی بێ.ئەو بە پێچ و پەنا بۆ کێشەکان دەچێت و هەوڵ دەدات نیشانبدات کە ڕاستە، هەرچی دەکات بەڵام لە لایەکەوە هەر بە باشی بۆی ناگەڕێتەوە و تووشی گۆمارۆ دەبێت.
ئامانج هەستی پارێزەریی لە لای کانی نییە و بە هۆی شکانی هاوسەرگیری پێشووی ئامانج، متمانەی بە خوودی خۆی کەمتر بۆتەوە. ئەوە هەستیارییەکی ڕەشبینی پەیدا کردووە کە وای لێدەکات دووای هەرجووڵانەوە و ووتەیەکی هاوسەرەکەی بێت بییەوێت بزانێت مەبەستی چییە و ئەبێ مەبەستێکی باشی نەبێت(بڕوا بە خۆ بوونی نەماوە).
کانیش بەڕاستی جاری وایە ئەوەی کە دەیڵێت و لە گەڵ ئەوەی کە دەیکات لە یەکترا جیاوازە(گفتار و کرداری جیاواز).
چۆنکە ئەو ناوێرێت بە ئاشکرایی ئەوەی لە ناخیدایە بەیانی بکات، ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە بەو شێوەیە ی کە ئامانج باسی کرد هەر ئەو نادیارییە(کەسایەتی داخراو و بێدەنگ) وەک دەڕاسە دەبینێت و دەروونی دەبڕێت و کە بەم شێوازە بییەوێت ئامانج بگۆڕێت وڕایکێشیتە سەر ویست و

خواستەکان و ئەمرەکانی خۆی،ئەوە (ئامانج) زۆر پڕ لە گرژی و ئاڵۆز دەکات.ئەم شێوازە هێرشی گۆریلاییە و ڕەنگدانەوە بە تیژی کێشەکەی قووڵ و گەورەتر کردووە.

هەردوویان پێیان وایە کە ئەبێت ئەوەی تر رەفتار و کرداری خۆی بگۆڕێت،بەڵام ئەوە ناکرێت چۆنکە ئەوە لە ناخ و کەسایەتی ئەواندا چەسپاوە.

لە چاوپێکەوتنەکانی سەرەتادا هەندێک ووشەی سایکۆلۆژی دێتە گۆڕێ.ئامانج لە خۆی پرسیار دەکات ئایا ئەبێت کە کانی تووشی نەخۆشی خەمۆکێ نەبووبێت و بە دەرمانی دژ بەم نەخۆشییە چاری نەکرێت.کانیش ئەڵێت کە ئامانج نیشانەی تێکچوونی باری کەسایەتی پێوە دیارە.

بەڵام من وای نابینم: ئەڵبەتە کە کانی خەمبارە و ترسی هەیە و ئامانج یش توورەیە و و واهیمەیە هەیە بۆ لە ناوچوونی پیاوسالاری، بەڵام بەم شێوەیەی کە بە یەکەوە هەڵسوکەوت دەکەن ئەوە هەموو شتێک دەردەخات.

من ناتوانم ئەوان بگەیەنمە ئەو ی‌بڕوایە کە ئاریشەکەیان نەیەڵن.لە نێوان ئەواندا ڕێز نەماوە بۆ یەکتر.

لێرەدا کێشەی چەوسانەوەی یەکتر هەیە و یەکتر بە" کەم" ئەژمارهێنان. خۆشەویستی زۆر جار دەشارڕێتەوە کاتێ کە ئاڵۆزی هەیە لە نێوان هاوسەرەکاندا.هەرکاتێک کە ئەوان توانییان لە گەل یەکتردا بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوت بکەن

ئەوە ئەو خۆشەویستییەش دەگەڕێتەوە نێوانیان.بەڵام ئەگەر ئاریشەی بە کەم ئەژمارهێنان هەبوو ئەوە جارێکی تر سەختە ئەو خۆشەویستییە بگەڕێتەوە.

بە کەم ئەژمارهێنان هەستی پارێزەرایەتی لە نێوان کەسەکاندا کەم دەکاتەوە و هەروەها هەستی باوەڕ بە خۆ بوون.

کاتێک کە لە کانی و ئامانج دەپرسم بەڕاستی ئێوە بۆ چی تا ئێستا بە یەکەوە دەژین؟

ئەوان ئەڵێن هیچ هەستی خۆشەویستیمان بۆ یەکتر نییە و گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئێمە جیابوونەوە بۆ دووەم جار بە کارێکی عەیب و ناشاز دەزانین. ئەوەی ڕاستی بێت منیش بە لامەوە ئەم چەشنە پرسیارانە زۆر قوورسە کە لییان پرسیار بکەم کە ئایا دەتانەوێت بەم جۆرە ژیانە بەردەوام بن.

جیابوونەوە نگبەتییە.بەڵام ژیان لە گەڵ یەکترا کە یەکتر ئاوا برەنجێنی و بشکێنی، بە ڕاست زۆر نگبەت ترە.

هەندێکجار هەر ڕۆژێکیان مردنە کە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە لە ژیاندا دەبنەوە و ئەبێت لە بەر هۆیەک شتێک بە ئەستۆ بگرن و لە گەلیا بژین.بەڵام بۆ کانی و ئامانج ئەوە نەبوو و ئەوان بڕیارییاندا لە یەکتر جیا بنەوە.

ئامستردام
18 نۆڤەمبر 2007